وردیلە چیرۆک

# ئەدیداس

## حەمەفەریق حەسەن

کاتێ من گەیشتمە ئاستی، ئەو لەسەر پیادەڕەوەکە، بەدیار (سوپەر)ەکەیەوە وەستابوو. سێ حیمایە دوور و نزیک ئەو دەوروبەرەیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە. ناسیمەوە. لەبەردەمیدا وەستام.. ئەو ڕۆژەی ئەو ساڵەم هاتەوە یاد، کە بە(سەفین)دا هەڵدەزناین. وەک سەری کوێرەمار، پەنجەکەڵەی لە پاتە لاستیکەکەیەوە سەری دەرهێنابوو. تاکەکەی دیکەشی لە پاژنەوە هەڵتلیشابوو. ڕەشداگیرساوو هەنیەی تەڕی ئارەقە. پرزە لێبڕاو، شان داچەکاو. وەختێ گەیشتینەوە بنکەکەمان، ئەو جووتە کالە (ئەدیداس) ەی، بەدیاری بۆم هاتبوو، پێشکەشم کرد. هەتا مانگێکیش منداڵ ئاسا سەرنجی دەدان و سەرنجی دەدام.. باوەڕی دەکردو باوەڕی نەدەکردو پێزانینی دەردەبڕی...

سەرم دەرهێناو گوتم:

((فەرموو سەرکەوە با بتگەیێنم.))

بەگۆشەی چاو هێمای بۆ سوپەرەکەی کردو وتی:

((شۆفێرەکەم وا خەریکە چاکی دەکاتەوە.))

لە سەری ڕۆیشتم:

((کاری ئەوتۆم نییە.. فەرموو سواربە نەبادا درێژە بکێشێ و دوابکەوی!))

پێزانینی دەرنەبڕی.. توندبوو.. نێوچاوانی تێکناو وتی:

((لەسەری مەڕۆ.. باژوو... ئەگەر هەتا ئێوارەش لێرەدا وەستابم، سواری (بەرازیلی) نابم!!))

سلێمانی/

September 12, 1995